# جاریکی تر زانست پشتی مەزهەبی لە عەرزدا

سیروان ئەمین
sirwanlatif@yahoo.co.uk

بەپێی هەواڵەکان لە بەریتانا ئەوژن و پیاوانەی کە نەزۆکن و ناتوانن بە شێوەیەکی ئاسای منداڵیان ببێت و بە شێوەیەکی دەسکرد منداڵیان دەبێ دەتوانن بریان بدەن کە ئایا کوڕیان دەوێ یان کچ یانی جۆری منالەکە بەکەیفی دایک و باوکەکە دەبێت ، ئەم هەوڵە سەرەڕایی ئەوەی کە لە سەرەتایدایە و هێشتا بە عەمەلی جێ بە جێ نەکراوە کەچی هەرچی لایەنە کۆنەپارێز و دینی و مەزهەبی هەیە هات و هاوریان لێ هەلساو بەهەنگاوێکی ترسناک و دەسکاریکردن لە کارەکانی خالق لە قەڵەمیان دا .

من لێرەدا کەمتر مەبەستم ئەو دەسکەوتە زانستی و قازانج و زیانەکانێتی و لێرەدا باس لایەنەکانی ناکەم ، بەڵام دەمەوێ لەسەر ئەوکەس و لایەنانە شتێ بڵێم کە لە ماڵەکانی خۆیان دانیشتوون و لە هەر هەنگاوێکی لەم چەشنەدا دەکەونە بڕیاڕدان و فتوا بەخشینەوەو حەڵاڵ و حرام کردن .

هەڵبەتە ئەوە یەکەم جار نی یە کە لایەنە مەزهبیەکان دەیکەن بەهەڵا و بەزم و هەڕەشە کردن لە هەر دەسکەوتێتی زانسـتی کە تازە دەدۆزرێتەوە و تەکفیر و حەرام کردنی و بە دەسکاری کردنی شتە ئەزەلیەکانی لە قەڵەم نەدەن .

بۆیە دەبێ ئەوە بپرسینب ئایا چۆن دەبێت و دەکرێت مەخلوقی کۆیلە و بێ دەستەڵات خۆیان ووتەنی بە ئاسانی بتوانن دەسکاری کردارەکانی خالق بکەن ؟؟؟!!!

ئایا ئەگەر خالق ئەو هەموو هێز و دەسەڵاتەی هەیە و دونیا بەدەس خۆیەتی بۆ کەشیش و شێخ و مەلاکان دیفاعی لێ دەکەن ؟؟؟؟

تۆ بڵێ ی خالق خۆی نەتوانێ بەرگری لە خۆی بکات بە تایبەتی کە ئەو ئاگرێکی دروست کردوە بە پێ ی ئایەتەکانی قورئان کە سوتەمەنیەکەی بەرد و بەشەرن و هەرگیز پڕ بوونی بۆ نی یە؟

سەیرەکەش لەوە دایە کە هەر دەسکەوتێکی زانستی پاش هەزار دەردەسەری و ماندووبوون دێتە بەردەست و دەبێتە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر یەکسەر چەند مەلا لێمان دێنە پێش پیمان دەڵێن ئەمە لە قورئانەو وەرگیراوە ، دەڵێن تەواوی زانستەکان لو قورئاندا هاتوە ، ئەوە نیە دەڵێ ویعلم ما لا تعلمون ، باشە ئەگەر ڕاستەو تەواوی زانستەکان هەمووی سەرچاوەکەی قورئانا بۆ کابرایەکی عەرەب لە ماوەی هەزار و چوار سەد ساڵدا کە قورئان زمانی خۆیەیەتی نە یتوانی گڵۆپێک دروست بکات ، تۆ بڵێی کابرایەکی یابانی یان ئەمریکیەک عەربیەکەی لە خودی عەرەبەکان باشتر بێت تا لە ئایەتەکانی قورئان زانست بدۆزێتەوە و شتی لە سەر دروست بکات؟

که ئەمە بە عەقڵەوە ناچێت و لەگەڵ لۆجێکدا نایەتەوە هەرچەندە کە سانی مەزهەبی بڕویان بە لۆجێک نیە .

مەزهەبیەکان ، مەسیحیەکان پێشتر ئیسلامیەکانیش تا ئێستا هەرکەسێ شتێک دادەهێنێ یان کتێبێک دەنوسێ یەکسەر پەنا دەبەنە بەر هەڕەشەو ترساندن و کوشتن وەک بەرانبەر سەلمان ڕوشدی دکتۆرحوسێن مروە و دەیانی تردا کردیان ، هۆکارەیەکەشی تەنها ئەوەیە کە ناتوانن بە دیالۆک و فکر وەڵام بدەنەوە دەیانەوێ بە کوشتن بڕین بەر بە ڕاستیەکان بگرن .

کەنیسە و محاکمی تەفتیش لە سەدەکانی ناوەڕاست بۆ ماوەی هەزار ساڵ لە ئەوروپا بەختی خۆیان لەم بوارەدا تاقی کردەوە بەڵام سەرئەنجامەکەی بە بڕینی دەستی دین لە دەوڵەت کۆتای هات و دینداری کرایە کاری تایبەتی خەڵک وکەنیسەش لە ژێر فشاردا بەڕەسمی داوای لێبوردنی لە خەڵکی ئەوروپا کرد سەبارەت بەو ئەشکەنجەو ئیعدامانە کە دژ بە نوسەر و زانست خوازان پێشتر ئەنجامیان دابوو.

هەر مەزهەب و بیرو باوەڕێکیش ئەگەر نەیتوانی لە سەر بنەمایەکی تۆکمە و فکری درێژە بەعومری خۆی بدات و بە زەبری شمشێر و تفەنگ مایەوە لەبەرانبەر حوکمی مێژوودا ناتوانێ خۆی ڕابگرێ سەرەنجامی هەرەسهێنانە وهەڵوەشانوەیە .

بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە و سنوردان بۆ فتواو بڕیاری تاقمە مەزهەبیەکان جیا کردنەوەی دین لە دەوڵەت بە تایبەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا باشترن چارەسەرە، ئەم کارەش کاری هەنوکەیی دەسبەجێ ی هەموو ئەوچەپ و ئازادیخوازانەیە کە دەیانەوێ کۆتایی بە دەسەڵاتی دین بهێنن لە یاساو ڕێسای دەوڵەت کۆمەڵگەدا ، ئەم کارە سەختە و زۆری دەوێ بەڵام مەحال نیە .

27.3.2005